# کۆمەڵکوژی و جۆرەکانی



شیوا میرەکی

کۆمەڵکوژی یان "ژینۆساید" یەکێ لە گرینگترین تاوانە نێو دەوڵەتییەکانە کە کاریگەریەکی قووڵ و بەرفراوانی لەسەر ویژدانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەبووەو تا ئێستا چەندین نەتەوەو کەمینە لە شوێنە جیاجیاکاندا بوونەتەوە قوربانی ئەم تاوانە شۆڤێنی و دڕندانەیە.

وشەی کۆمەڵکوژی یان ژینۆساید لە بنەمادا وشەیەکی لاتینەو لە دوو وشەی یۆنانی (Genos)بە مانای رەگەز، تاقم یان گرووپێکی مرۆڤ پێکهاتووە، ئەم وشەیە لە زمانی فارسیدا وەکوو "نسل کشی"، "کشتار جمعی" و "نسل زدایی" باسی لێکراوە.، بەڵام پێدەچێ "نسل کشی" لە واتای ژینۆساید نزیکتر ببێت، هەر چەند پێویست ناکات بۆ ئەوەی ئەم تاوانە شۆڤێنییە روو بدات دەبێ حەتمەن کۆشتنی تێدا بێ و تەنیا بە کوشتن و قەلاچۆکردنی خەڵکێك، نەتەوەیەك یان هەر دەستە و کۆمەڵێك ژینۆساید روو بدات، بەڵکوو تواندنەوەو بێ شوناسکردنیش، جورێك لە ژینۆساید و لە ناوبردنە.

ئەگەر ژینۆسایدو لەناوبردنی جەستەیی بە ئاشکراو بێڕەحمانە و بە بێ شاراوەیی روو دەدات و رەنگە بەرەنگاربوونەوەی بکرێت، ئەوە ژینۆسایدی نەرم یان خشۆك، هێدی هێدی بارودۆخێکی وا بە سەر قوربانیەکانیدا دەسەپێنێ کە بۆ خۆیان بەرەو لە ناو چوون بڕۆن و لە ئاکامدا بە بێ تۆندوتیژی بەرچاو، هەمان ئاکامی قەلاچۆکردن بەدی بێنێ.

ڕافائێل لێمکین، یاسانووسی لەهستانی، وەکو یەکەمین کەس کە وشەی کۆمەڵکوژی بەکار هێنا، ئەم تاوانەی بەم چەشنە واتا کردۆتەوە: "لە ناو بردنی خێڵ یا نەتەوەیەك". دیارە مەبەست لە کۆمەڵکوژی پاکتاوکردنی خێرای یەك نەتەوە نییە، بەڵکو مەبەست لە کومەڵکوژی بەڕێوەبردنی گەلاڵە و پلانێکە کە زەنجیرە کردارێکی بەربلاو و جۆراوجۆر لە خۆدەگرێتەوە و بنەما سەرەکییەکانی ژیانی نەتەوەیەك یا کەمینەیەك، بەرەو وێرانی و کاولکردن دەبات تا لە ئاکامدا بتوێتەوە و بە جۆرێ لە جۆرەکان لەناو بچێت، مەبەست لەو پلانە ئەوەیە کە ڕێکخراوە رامیاری و کۆمەلایەتیەکان، چاند و کولتوورییەکان و هەستی پێکەوەبوونی ئەو گرووپە لەناو بچێت، هەروەها لە ناوبردنی ئاسایشی کەسایەتی، ئازادی، کەرامەت و هەروەها ژیانی کەسانێکی پەیوەندیدار بەم نەتەوە و گرووپانەوە.

لەدەستووری دادگای سزای نێودەوڵەتی تایبەت بە یوگسلاڤیای پێشوو، رواندا و دەستووری دادگای سزای نێوەدەوڵەتی لاهای، کۆمەڵکوژی وەکو تاوانێکی مەترسیدار بۆ ئاسایشی مرۆڤایەتی ناسێندراوە و تاوانبارەکانی لە بەرانبەر کۆمەڵگای نێوەدەوڵەتی بە بێ لەبەرچاوگرتنی هەر چەشنە حەسانەیەکی سیاسی یان هەر حەسانەیەکی تر، بەرپرسیارن و جەخت لە سزادانیان کراوەتەوە.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە یەکەم ساڵی چالاکی خۆیدا، بە هۆی زۆربوونی رادەی روودانی کۆکوژی لە دونیادا، بڕیارنامەی ژمارە ١ - ٩٦ لە دێسەمبەری ١٩٤٦دا لەسەر بە تاوان

ناساندنی کۆمکوژی دەرکردو رایگەیاند ؛ کۆمکوژی بە پێی یاسای نێودەوڵەتی تاوانێکی قورسە و کۆمەڵگای پێشکەوتوو بەم تاوانە و تاوانبارەکانی شەرمەزار دەکات.

وەکو چەند نموونە لەم کارەساتانە ئەتوانین ئاماژە بە کۆمکوژی _ ١٨٢٠٠٠کەسی مەدەنی لە کوردەکانی باشوور لە پرۆسەی ئەنفالی بەعس و هەروەها کیمیابارانی ٥٠٠٠ کەس لە خەڵکی شاری هەڵەبجە، بە دەستی بەعس و قەلاچۆکردنی شیعەکانی باشوورو هەروەها کاولکردنی شار و شارۆچکەکانی کوردستان و قەلاچۆکردنی کوردەکانی باکوور بە دەستی رەگەزپەرستانی کەمالیست و نکوڵیکردن لە شوناسی کورد لە سووریا بە دەس پاشماوەکانی میشێل ئەفلەق و کوڕانی ئەسەد، رێگەنەدان بە وەرگرتنی رەگەزنامە و ناسنامەی کوردەکان لە سووریا و هێرشی دڕندانەی داعش لەسەر خەڵکی بێتاوان، ئەمانە هەمووی نموونەی بەرچاون کە دەکرێ بە روونی سکاڵایان لێ سەر بەرز بکرێتەوە و ویژدانی مرۆڤ بەرەنگاری بێتەوە، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەم کارەساتانەدا کە دەکرێ لە ژێر ناوی ژینۆساید یان کۆمکوژیدا باسیان لەسەر بکرێ زۆر کرداری دیکە هەن کە بۆ پاکتاوکردنی نەتەوە، رەگەز، ئایین، زمان، بیروڕای سیاسی یان هەر تاقمێك کەڵکیان لێ وەربگیرێ و توندوتیژی تێدا بەدی ناکرێ، بەڵام وەکو ئەم کردەوە دڕندانە نایەنە بەرچاو، بەڵام لە کۆتاییدا هەمان ئاکامی سڕینەوە و لە ناوبردنی گرووپە قوربانییە کە لێدەکەوێتەوە.

ئاسمیلاسیون یانێ تاواندنەوەی گرووپێك بە شوناسی جیاوازەوە لە نێو گرووپێکی دیکەدا لە رێگەی باڵا دەستی هەژموونەوە، یانێ پاکتاوکردن و لە ناوبردنی گرووپێك بە شێوەیەك نەرم و نادیار، بۆ ئەم مەبەستەش یەکێك لە گرینگترین ئامانجەکان زمانە، بۆ نموونە کاتێك کە زمانی میللەتێك یاساغ بکرێت و بە کار نەبرێ، دیارە ئەو زمانە ئەکەوێتە بەر مەترسی کاڵ بوونەوەوە و بگرە لەناوچوون، روونە کاتێ زمانی نەتەوەیەك لەناو بچێ سڕینەوەی مێژووی و یا دەوەری ئەو نەتەوەیە زۆر ئاسانتر دەبێتەوە.

کاتێ کە تەواوی کەڵك وەرگرتنی مرۆڤی کورد لە زمانی دایکی تەنیا لە قسەکردنی رۆژانەدا بێ و پاڵپشتی نووسین و پەروەردە و بیرکردنی لە گەڵ نەبێت وشەکان لە بیر دەچنەوە و ئەو زمانە وردە وردە بەرەو گۆڕانی نێگەتیڤ و تەنانەت لەناوچوون ئەچێ.، گاڵتە و سووکایەتیکردن بە زمان، ئەبێتە هۆی هەستی خۆ بە کەم زانین، ئەو رەوتە تا رادەیەك بەرەو پێشدەچێ کە رێگە خۆشکەر دەبێت بۆ هەژموونی دەسەڵاتی باڵادەست و دور کەوتنەوەو تەنانەت نکوڵیکردنی تاك لە ناسنامە و شوناسی سەرەکی خۆی.

کاتێ کە مرۆڤ لە گەڵ منالی بە زمانێ جگە لە زمانی زگماکی قسە دەکات و زمانێ کە بیری پێدەکاتەوە، جیا لە زمانی خۆیەتی ئەو کەسە ئاسمیلە کراوە و شوناسی خۆی لە بیر چۆتەوە.
بە پێی برگەی ١و٢ پەیماننامەی پێشگرتن لە کۆمکوژی و سزادانی و هەروەها برگەی شەشی دەستووری سەرەکی دادگای سزای نێودەوڵەتی هەر چەشنە کردەوەیەك کە بە مەبەستی پاکتاوکردنی نەتەوەیەك یان بەشێك لە یەك نەتەوە یان گرووپێکی ئەتنیکی و قەومی، ئایینی، سیاسی و یان هەر تاقم و گرووپێکی تر یان دابینکردن و داسەپاندنی دۆخێك کە ئەم گرووپانە بەرەو لە ناو چوون ببات کۆمکوژیە و تاوانێکی قورسی نێودەوڵەتییە.

هەر چەشنە گۆشارێك یان داسەپاندنی هەر دۆخێکی نالەبار بۆ ئەوەی تاقمێك لەناو بچێ کۆمکوژی و ژینۆساید دێنە ژمار.

که وابوو دەکرێ هەر جۆرە کردارێکی نەرم و خشۆك، بە ئاراستەی رێگەنەدان بە پەروەردە و پەرەپێدانی کولتوورو شوناسی بنەمایی گرووپێك و هەوڵی سڕینەوەو لە بیر بردنەوەی، وەکو کۆمەڵکوژی نەرم و خشۆك پێناسە بکرێ.

بەچاوخشاندنێك بە رواڵەتی شارێك و سیستمی پەروەردە لەو شارە و لە کومەڵگادا و رامانێکی قووڵ و ویژدانی لە سیمای کۆمەڵگادا دەکرێ نموونەی ئەم تاوانە نەرم و خشۆکە بۆ هێدی هێدی پاکتاوکردنی نەتەوەیەك هەست پێ بکرێ .

سنە/شاری قوروە

شیوا میرەکی